# مزگێنی  و هەواڵێکی دڵخۆشکەر بۆ هەموو ئەڤیندارانی وێژە و فەرهەنگی ڕەسەنی کوردیی!

زمان و مێژوو دوو کۆڵەکە و دوو سەرخانی سەرەکی و گرنگن بۆ هەر کۆمەڵەخەڵکێ کە خۆی بە نەتەوەیەکی سەربەخۆ دەزانێ. نەبوونی کیانی کوردی وەک پێگە و بناخەیەک بۆ مانەوە و گەشەپێدانی زمانەکەی و گەردەلوولی پڕکارەسات و لەپسانەنەهاتووی سەتساڵی رابردوو، هۆکار بوونە لەوەی کە زۆرینەی کورد زمانەکەی خۆی نەزانێ و، بۆ خوێندنەوە و فێربوونی هەر تەوەر و بوارێ – تەنانەت لەبارەی زمان و مێژووی خۆشییەوە، پەنا بەرێتە بەر ئەو پەرتۆک و سەرچاوانەی بەزمانی گەلانی باندەستی کوردەوە نووسراون.

دوو مامۆستای دڵسۆز، زانا و نیشتمانپەروەر لەشاری **"دیواندەرە"**ی سەر بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە هزر و تێگەیشتنێکی بابەتانەی ئەم پرسە مرۆڤی و نەتەوەیییە، کارێکی گەورە و لەبیرنەکراویان کردووە، ئەویش نووسین و ئامادەکردنی پەرتۆکی **"ڕێنووس و وێژەی کوردیی"** یە لە (١٢٦) لاپەڕەدا بۆ **پۆلەکانی (٧) و (٨) و (٩)ی قوتابخانەکانی دیواندەرە و گوندەکانی سەر بە شارەکە و، لە مانگی ڕێبەندانی ئەمساڵەوە، خوێندنی زمانی کوردی بە فەرمیی لە خوێندنگەکانی ئەو ناوچە گەورەیەی کوردستان دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە.**

هیوادارین ئەم هەنگاوە پیرۆزە ڕەچەیەک بێت بۆ دامەزرانی ناوەندێکی زانستیی – زمانەوانیی لە سەرجەم شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و، تێکڕای خوێندنگە و زانستگەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕەچاوی سەرچاوە و پەرتۆکی وەکیەک بکەن، هاوکات دەستخۆشی و پیرۆزباییەکی گەرم لەو مامۆستا بەڕێزانە، هەزار ئافەرینیان لێبێ و، بەو هیوایەی نموونەیان زۆربێ.

4/2/2016

ئەمەش وێنەی بەرگی پەرتۆکەکە:




